# پەیڤێکی کورت بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی

# کە زمانی یەکگرتووی کوردییان لامەبەستە



ڕۆژ ئەوڕەحمان

roj_ourahman@yahoo.com

**باسکردن لە بەستانداردکردنی زاراوەیەکی کوردی و زمان و ڕێنوسێکی یەکگرتوو بەشێوەیەکی ئاوا سادە و کردنی بە بابەتێکی ڕۆژانەی ئاسایی ڕەنگە زیان و لایەنی خراپی زۆرتر بێت و لە دواجاردا ببێتە هۆی بچوک کردنەوەو کەمکردنەوە لەو بابەتە زێدە هێژاو گرنگە.**

**بە بڕوای من سیاسیەکی ئەماتۆری هەژار لە بواری زمانەوانی و کولتوری و ڕۆشنبیریدا هەڵەیەکی گەورە دەکات کاتێک دێت بەبێ ئەوەی مەلەبزانێت خۆی فڕێدەداتە ئەم دەریا فراوان و قوڵەوە، چونکە پێیوایە هەرکەس توانی بەزاراوەیەکی کوردی بئاخڤێت تواناو مافی ئەوەیشی دەبێت بە ئازادی خۆی قسە لەسەر لایەنە گرنگەکانی ئەم باسە زانستییە ئەکادیمییە بکات.**

**ئاشکرایە کە زۆرێک لە سەرکردەسیاسیەکانی کورد پێیان وایە کە شارەزاییان لە هەمووشتێک و لەهەموو بوارێکدا هەیە و بەحوکمی دەسەڵات و ناوبانگ دەبنە ئەسکوێ لە هەموودیزەیەکدا.**

**هەرچۆنێک بێت من وای بۆ دەچم کە دەبێت ئەم باسە جێ بهێڵرێت بۆ خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزای تایبەت بە خودی ئەم بوارە. ڕۆشنبیران و ڕوناکبیرانیش ئەگەر بیروبۆچونێکیان هەبێت ئاڕاستەی ئەوانی بکەن.**

**لەڕاستیدا ئەم بابەتە زۆرلەوە گەورەتر و گرنگترە، کە هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە و لەخۆشەویستی و سۆز و ئەمەکدارییەوە  بۆزاراوە شیرینەکەی خۆی ڕاڤەی بکات و بەلای خۆیدا دایشکێنێت.**

**مەخابن ڕۆژانی ڕابردوو لێرەولەوێ هەندێک بابەت بڵاوکرایەوە، کە نەک تەنها هەنگاوێک نەبوون بەرەو زمانی یەکگرتوو بەڵکو دەکرێت  وەک  ئاستەنگێکیش بێنە هەژمارکرن.**

**گەلۆ ئەگەر ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەو بوارەدا ئەوهابێت (لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا بۆ نەخوێندەواران) داخۆ چاوەڕوانی چی لە نەخوێندەوارێکی کوردبکەین، لە گاڵتەپێکردن زیاتر بە زاراوەکانی دیکە. هەرچەندە من بۆ خۆم پێموایە کە زۆربەی نەخوێندەواری کورد بە چاوی ڕێزەوە لە هەموو زاراوە شیرینەکان دەڕوانن.**

**هەر بۆیە تکاتان لێدەکەم ئێوەیش کەمێک بەخۆتاندا بچنەوە و چیتر هێرشی ناڕەوا مەکەنە سەر زاراوە کوردییەکان (جا چ لە بەئاگاییتانەوە بێت یان بێئاگایی). مەخابن ئەوەندەی ئاگاداربم تا ئێستا گفتوگۆکان زۆرتر بە ئاقاری هەڵە و بنبەست دابراون وەک لە کرانەوە و یەکگرتنەوە، جا کەواتە هەربێدەنگیتان باشترە لەو وروژانە بێسەروبەرە. گەلۆ ئەگەر لێگەڕێن زاراوەکان خۆیان بۆ خۆیان ئاقاری سروشتی خۆیان بدۆزنەوە گەلێک چاکترە لەو چارەسەرەی ئێوە بۆیان دەدۆزنەوە.**